کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 22:13 23-7-2007

**درۆکردن هەرزانترین کاڵای باڵامانە!! ... عەبدوللەتیف ئاوماری**

هەولێر

لەکاتێکدا درۆکردن قێزەونترین سیفەتی مرۆڤەو لە زۆربەی وولاتانی جیهان بەکارێکی ناشیرینی گەورە دائەنری، کەچی لای ئێمە ڕۆژ بە ڕۆژ لەزیادبووندایەو برەوی پی ئەدرێت.. !! تاچەند وەستاو شارەزا بیت لەدرۆ ئەوەندە زووترو باشتر کارەکانت جی بەجی ئەبێت!! هۆکاری تەشەنەکردنی درۆ زۆرە هەرلەلایەنی سیاسی و کۆمەلایەتی و بارزگانی وحیزبایەتی و ریکلام... هتد، بۆهەرشتێك کەبەرژەوەندی تیا بێت.

ژیانمان هەمووی پڕە لەدرۆ! کەم وایە گوێت لەقسەیەکی ڕاست بێت! لەهەمووی سەیرتر ئەوەیە ئێستا درۆی سپی پەیدا بووە!! درۆ هەر ناوێکی لی بنرێت ولەبەر هەرهۆیەك بێت هەردرۆیە، وەئەوەی درۆی مەسلەحەت وسپیش بکات ئەتوانی هەموو جۆرە درۆیەکەی تریش بکات.

* گوی لەهەواڵەکان ئەگریت.. پڕە لەدرۆ!! ڕۆژنامەکان ئەخوێنیتەوە پڕە لەدرۆی سەیرو سەمەرە!! ئیمرۆ هەواڵێك بلاودەکەنەوە سبەی بەدرۆ دەخرێتەوە!! ئەو شتانەی کە بەڕاستی قسەی لەسەرئەکرێت و ڕووئەدەن ئەوانە هەمووی شاراوەن تەنها پیاهەڵدان و ئیجابیات باس دەکرێت و خەڵکی پی ئەخەڵەتێندرێت!!

*ئەچیت بۆ قوتابخانەیەك و ئەتەوێت منالەکەت قەید بکەیت لەپۆلی یەکەمی سەرەتایی یا ناوەندی، مامۆستاکە (بەرێوەبەر یا یاریدەدەر) وەکە ئەلێ جێگامان نی یەو درۆت لەگەڵ ئەکات! بەلام کە واسیتەیەك ئەکەیت ئەلێ: بەسەرچاوان.. جێگا بۆ ئێوە نەبێت بۆ کی هەیە!!.

* ئەلێن دامەزراندن نی یە!! بەلام ئەگەر واسیتەت هەبی ئەوا ئاسانترین کاری زەمانەیە!!

* ئەلێن گواستنەوەی فەرمانبەران بەهیچ شێوەیەك نی یە!! هەروەك لەهەندی وەزارەت ئاگاداری هەلواسراوە! بەلام ئەگەر واسیتەت هەبی بە (کن فیکون) یێك ئیشت مەیسەر ئەبێت.

* ئەچیتە بازاڕ چما بۆدەرمانیش کەسێك یا فرۆشیارێك ئەدۆزیتەوە ڕاستت پی بلێ!! هەم لەنرخەکەی وەهەم لەباشی و خراپی جۆرەکەی!! چی هەبێت مەدحی ئەوە ئەکات!! بەس گرنگ ئەوەیە شتەکەت بەسەردا ساغ بکاتەوە، ڕۆژێك وویستم فەرهەنگێکی (کوردی - عەرەبی) بکرم، لەهەموو کتێبخانەکاندا هەبوو، داوای

(5 .5 تا 6) هەزاریان دەکرد، پاشان چوومە کتێبخانەیەکی ترو پرسیم نرخی ئەم فەرهەنگە چەندە زۆر پێم سەیربوو کاتێك گوێم لەوەلامی خاوەن کتێبخانەکە بوو!! ووتی: نرخی (8000) هەزارە!! ووتم گرانە، ووتی: لەشوێنی تر داوای گرانتر دەکەن و پاشان ئەوە بە سودفە لای ئێمە ماوە ئەگەرنا لە بازاڕ هەر دەست ناکەوی!!

زۆرم پی سەیر بوو ئەو هەموو درۆیە بۆقازانجێکی کەم دەکرێت!! بەحسابی خۆمان خاوەن پەرتووکخانە ئەبێت لە ئاستێکی بەرزو نمونەیی دا بێت. جا چ گلەییەك لە خەڵکی نەخوێندەوارو عەوام بکەین!!

* گەنجی وولاتی ئێمە تا کچێك ڕازی ئەکات کەخۆشی ئەوێت و ئەیەوێت بیخوازێت، هەزارو یەك درۆی بۆ ئەکات! یان کە ژن ئەهێنی وئەیگوازێتەوە! بووکی بەستەزمان... لەبەرئەوەی بە ماکیاژو جۆرەها داوودەرمان وای ئەڕازێننەوە خۆی سەیری خۆی بکات لە ئاوێنە خۆی ناناسێتەوە!! و بۆچەند ساتێکیش زاواو ئامادەبووانی پی ئەخەڵەتێنن!!.

* ڕۆژانە گوێت لەهەزارو یەك قسەوباس وپڕوپاگەندەی بی سەروبەردەبێت و خەڵکی پی ئەخەڵەتێنن زۆربەیان دوورن لەڕاستی یەوە. تەنانەت کاربەدەستان ئەوەندە سوارچاکی ئەومەیدانەن کەدێنە سەر

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلیکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 22:13 23-7-2007

تەلەفزیۆن بە زمانی لووس و قسەی بریقەدارو عوزری زۆر... وەڵامی هەموان ئەدەنەوە و ووڵات ئەکەنە شامی شەریف!!

* پارساڵ خەتێکی ئاسیا سێلم کڕی بە 25$ ووتیان 10 $ تر داخڵ بکە ئیتر تاساڵی 2015 سیم کارتەکەت ئیش ئەکات!! منیش وام کرد و بەهەر بۆنەیەکەوە بووایە ماوە ماوە ئەچووم بۆ کۆیەو کەرکوك قسەم پێ ئەکرد لەگەڵ دۆست و خزمانم، ئەمجارەیان تۆزی درەنگتر سەفەرم کرد سیم کارتەکەم 26 $ ی تیابوو!! ویستم وەك جاران تەلەفۆن بکەم!! گوێم لەدەنگی بەداله بوو ئەیگوت: خزمەت گوزاریەکەت وەستاوە!! ئەوی هەبوو هەمووی ڕۆی!! نازانم ئەمە چۆنەو هەر ڕۆژەی بڕیارێکەو ئێستاش دوبارە ریکلامی بۆ دەکەنەوە!!

(بەشداری بکە، 3$ زیاد وەربگرە، ئەم هەلە لەکیس خۆت مەدە) ئەگەر جارێکی تر باوەڕ بەو ریکلامانە بکەم خوا بمگرێت!! باشە گوناهی من چی یە کە ئاسیا سێل لە هەولێر کارناکات؟!

* ئەڵێن لەزەمانی حەزرەتی سولەیمان کە لە زمانی هەموو گیان لەبەرو باڵندەکان تێدەگەیشت ڕۆژێکیان خۆی و لەشکرەکەی بەڕێگادا دەڕۆیشتن دیتی چۆلەیەکی نێرە بەدەوری مێیەکەدا ئەجریوێنی و ئەخولێتەوە!! ئەویش نەختی وەستاو گوێبیستیان بوو! خەڵکەکە پرسیاریان لەحەزرەتی سولەیمان کرد ئەمانە چی ئەڵێن؟! ئەویش گووتی: چۆلەکە نێرەکە بە مێیەکە ئەڵی بەس شوم پی بکە هەرچی کۆشك وتەلاری ئەو شارە هەیە لەسەرت تاپۆ ئەکەم!!

ئێمەش وامان لی هاتووە زۆربەی کاربەدەستان جگە لەڕابواردنی لابەلا! زیاتر لە ژنێکیان هەیە.. !! لەولاشەوە بەقسە پاڵپشتی لە ڕێکخراوەکانی ئافرەتان دەکەن کەگوایە خەبات دەکەن دژی فرە ژنی وبەدەست هێنانی ماف و یەکسانی بۆئافرەتان! زۆربەی ئافرەتەکانیشمان بەوانەی کەلەڕێکخراوەکانیشەوە کاردەکەن ئامادەن شوو بەپیاوی خێزاندار بکەن و دوای شوکردنیشیان ئەنواعی عوزر و فەلسەفەمان بۆ دێننەوە!

* کاتی چات دەکەیت لە ئینتەرنێت زۆربەی بەشداربووان بەدرۆ زانیاری و ناوی خۆیان باس ئەکەن! یائەوانەی دەیانەوێت زەواج بکەن زۆربەیان بەناوی خوازراوەوە باسی خۆیان ئەکەن!!

*ئەچیت بۆلای پزیشك هەریەکەو بەجۆرێك باس لە نەخۆشیەکەت ئەکات وهەر مەپرسە لەتاقیگەکان کە هەریەکەو ئەنجامێکت ئەدەنی و هیچیان وەك یەك نین!!

*جاری باسی ئەو هەموو ریکلامە بی بناغانە با بوەستی کە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن پەخش دەکرێت کەزیانێکی گەورەی هەیە لەسەرعەقڵ و تەندروستی منداڵ!! ئەو هەموو جبسە چەورە دەرخواردی منداڵەکانمان ئەدرێت بە هیوای وەرگرتنی ئۆتۆمبێل!! ئەزانن چەند خراپە بۆ تەندروستی منداڵەکانمان؟! جگە لەوەش هەرلەئێستاوە ئەو منداڵە فێری تەمبەڵی ئەبێت و چاوەری ی ئەوەیە بەیانسیب دەوڵەمەند ببێت!! پاشانیش ئەگەر بۆی دەرنەچوو هەست ئەکات فێڵی لێ کراوەو پارەو ماندوو بوونەکەی هەمووی بەلاش ڕۆیشت و هزری ڕق و تۆڵەی لا دروست ئەبێت!

* ئەو هەموو ڕوداو و بەسەرهات و ناخۆشیە جەرگ بڕانەی کە لەعێراقی ئەمرۆ ڕووئەدەن!!

(ڕۆژنامەنوسێك، وەزیرێك، ئەندام پەرلەمانێك، دڵسۆزێك، لایەنێك، حکومەتێك، سوپایەك، پۆلیسێك... هتد) بەداخەوە... !! هیچ کەسێکمان نەدیت هۆیەکان و ڕووی ڕاستیەکان ئاشکرا بکات وبەڕاشکاوی باسیان بکات!!

* من تەنها لەڕووی دڵسۆزی یەوە بۆ گەل ونیشتمانەکەم بە پێویستم زانی کە ئەم بابەتە بنووسم و ئەگینا هیچ کاتێك ڕەشبین نیم هیچ شتێك نییە قابیلی باشبوون نەبێت!! بەڵام لانی کەم تا ئێستا ڕوناکیەك بەدی ناکەم و هەنگاوی ئەوتۆ نەهاوێژراوە کە ببێتە هۆی بنبڕکردنی درۆو درۆزنان لە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 22:13 23-7-2007

کوردستان!! وە من مەبەستم ڕێژەی زۆرینەیە ئەگینا لەهیچ شوێنێك نی یە100% ی دانیشتوان هەر هەمووی ڕاستگۆبن!

خوازیاری ئەوەین درۆکردن نەبێتە کەلتورو مۆرکی نەتەوایەتی، پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی باشتر بگیرێتە بەر بۆ نەهێشتنی (ڕۆشنبیریی درۆ) و وەهەروەها نەهێشتن وکەم کردنەوەی هۆیەکانی درۆکردن بەڵکو ئێمەش وەکو زۆربەی وولاتانی جیهان وولاتەکەمان پشکی کەمی بەرکەوێت لە درۆو درۆزنان! نموونە گەلێك زۆرەو لە ژمارە نایەت بەلام کورد دەڵی (مشتێك نموونەی خەرمانێکە)، بە هیوای ئەوەی نەوەکانی داهاتوومان شەیدای ڕاستی و دوژمنی درۆ بن.

Latif_abdalrahman @ yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.